هاوسەرگیری وژیانی هاوسەرگیریاندا و دوور بن لەهەر جۆرە گەندەڵیەکی سێکسی و لادان و تەڵاق .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١یۆحەنا ٤-٥ و ٢ یۆحەنا و ٣ یۆحەنا . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ زنجیرەی " باوکانی باوەڕدار".
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ١٩ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٤٢

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١یۆحەنا، ٢یۆحەنا، ٣یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەراوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١یۆحەنا ؛ ٢یۆحەنا ؛ ٣یۆحەنا).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوەی ئایەتەکانی لەبەرکردن زنجیرەی " باوکانی باوەڕدار"

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ پێنج ئایەتەکەی لەبەرکردن تایبەت بە " باوکانی باوەڕدار"

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك)	یۆحەنا ١٩

پێشەکی : لەیۆحەنا ١٩ ، دەبینین عیسا بەدەستی سەربازەکانی ڕۆم دەچەوسێتەوە ، وە ڕەتدەکرێتەوەو لەخاچ دەدرێ لەسەر دەستی جولەکە ، وە لە شوێنی کاسەی سەر لەخاچ دەدرێ کە بە عیبری ناودەبرێ بە گەلگۆسە ، وە دوای مردنی بەدەستی یوسفی خەڵکی ڕامە ونیقۆدیمۆس دەنێژرێ لە گۆڕێکی نوێ لە باخچەیەکدا ، جولەکەکان ئیدانەی عیسایان کردو حوکمیان دا بەسەریدا بە مردن ، وە ناجولەکەکان ئەو حوکمی مردنەیان بەسەریدا جێبەجێ کرد . * چەوسانەوەی عیساو شایەتیدانی (یۆحەنا ١٩: ١- ٧ ؛ بڕوانە مەتا ٢٧: ٢٢- ٢٣ ، ٢٧- ٣٠ ؛ مەرقۆس ١٥: ١٢- ١٤ ، ١٦- ١٩ ؛ لۆقا ٢٣: ٢٠- ٢٢) * ئیدانەکردنی عیساو حوکمدان بەسەریدا (یۆحەنا ١٩: ٨- ١٦ ؛ بڕوانە مەتا ٢٧: ٢٤- ٢٦ ، ٣١ ؛

مەرقۆس ١٥: ١٥ ، ٢٠ ؛ لۆقا ٢٣: ٢٣- ٢٥). * لەخاچدانی عیسا (یۆحەنا ١٩: ١٦ – ٣٧؛ بڕوانە مەتا ٢٧: ٣٢- ٥٦ ؛ مەرقۆس ١٥: ٢١- ٤١؛ لۆقا ٢٣: ٢٦- ٤٩) * ناشتنی عیسا (یۆحەنا ١٩: ٣٨- ٤٢ ؛ بڕوانە مەتا ٢٧: ٥٧- ٦٦ ؛ مەرقۆس ١٥: ٤٢- ٤٧ ؛ لۆقا ٢٣: ٥٠- ٥٦)

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەکانی خودا
پێکەوە یۆحەنا ١٩ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

یۆحەنا ١٩: ٤- ١٢

<u>ئاشکراکردنی ١: بێتاوانی عیسای مەسیح بە تەواوەتی.</u>

أ. فەرمانڕەوا بێتاوانی عیسای ڕاگەیاند بەتەواوەتی .

زۆر سەرنجڕاکێشە کە چەندین جار فەرمانڕەوای ڕۆمەکان پیلاتۆس لە دادگایی کردنەکاندا بێتاوانی عیسای مەسیحی بە تەواوەتی ڕادەگەیاند ! یۆحەنا ١٩: ٤ ؛ یۆحەنا ١٨: ٣٨ ؛ ١٩: ٤، ٦.

هەروەها لۆقا ٢٣: ٤ ؛ لۆقا ٢٣: ١٤- ١٥ ؛ لۆقا ٢٣: ٢٢ .

بەڵام ئەگەر عیسا بێتاوان بوو بۆ خودای ڕاستودروست و دادپەروەر ڕێگەی دا بە مردنی ؟ تەنها وەڵام لەمبارەیەوە لە ئیشایا ٥٣: ٦، ٨ دایە " هەموو وەك مەڕ بڵاوەمان کردووە،هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە، بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو ... بە ستەم و حوکم بەسەردادان بردرا.بەڵام کێ لە نەوەی سەردەمی خۆی لە دژی وەستایەوە؟ چونکە لە جیهانی زیندووان هەڵگیرا، لەبەر یاخیبوونی گەلەکەم ئەو لێی درا."

ب. ترسی فەرمانڕەوا لە خەڵکی زیاتر لە خودا .

کاتێ فەرمانڕەوا گوێبیستی هۆکاری ڕاستەقینە بوو ئەوەی لە پێناویدا جولەکەکان دەیانویست عیسا بکوژرێ ، ئەوە بوو کە فەرمووی ئەو کوڕی خودایە ، ترسا . پیلاتۆس لە جیهانی ڕۆحی خودا دەترسا ، هەروەها لە جیهانی سیاسی جولەکەش دەترسا . پیلاتۆس بڕوای بە چیرۆکە ئایینی یە ئەفسانەکان هەبوو ئەو ئەفسانانەش کاریگەریان لەسەر دانابوو ئەو دەترسا لەوەی خودایەك بڕەنجێ کە ناناسێ . بۆیە پیلاتۆس عیسای گەڕاندەوە بۆ کۆشك و پرسیاری لە ڕەچەڵەکی کردو هەروەها ئەو شوێنەی لێوەی هاتوە . ئەگەر ئەو پێشتر بەباشی گوێی لە عیسا بگرتایە دەیزانی کە ئەو لە ئاسمانەوە هاتوە تاکو شانشینی ڕۆحی لەسەر زەوی دامەزرێنێ (یۆحەنا ١٨: ٣٦- ٣٧). بەڵام ئەمجارەیان عیسا وەڵامی نەدایەوە ، کەواتە ئەو فەرمانڕەوایە شایەنی ئەوە نیە هیچ وەڵامێکی بدرێتەوە ، لەگەڵ ئەوەی چەند جارێك بێتاوانی عیسای ڕاگەیاند ، فەرمانی کرد بە قامچی لێدانی عیسا زۆر بە توندی هەر بەهۆی ئەو لێدانەوە خەریك بوو بمرێ ! پیلاتۆس زۆر دڵڕەق وتوندوتیژ بوو وە درۆزن بوو نەدەکرا متمانەی پێ بکرێ یان بە ڕاست بزانرێ . هەروەە پیلاتۆس لە

جولەکەکان دەترسا ، ئەو دەترسا جولەکەکان سکاڵای لە دژ بەرز بکەنەوە لای ئیمپراتۆری ڕۆم و ئیدی پلەوپایەکەی لەدەست بدات و ڕەنگە ژیانیشی لەدەست بدات ، ئەمە بوو هۆکاری ئازاد نەکردنی عیسا کە هۆکارێکی مرۆڤانە بوو !

یۆحەنا ١٩: ٣٠

ئاشکراکردنی ٢: واتای وشەکانی کۆتایی عیسا لەسەر خاچ .

لە ڕێگەی چوار ئینجیلەکەوە بۆمان دەردەکەوێ لانی کەم عیسا حەوت جار قسەی کردوە کاتێ لەسەر خاچ بوە بە هەڵواسراوی ، لەگەڵ خودا دەدوێ و دەفەرموێ : " باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن ." (لۆقا ٢٣: ٣٤) . وە بە یەکێك لە تاوانبارە لەخاچدراوەکان کە لەگەڵیدا لەخاچدرابوو دەفەرموێ " ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت ." (لۆقا ٢٣: ٤٣) . هەروەها قسە لەگەڵ مەریەمی دایکی و یۆحەنادا دەکات (یۆحەنا ١٩: ٢٦- ٢٧) . وە هاوار دەکات بۆ خودای باوك و دەفەرموێ : " خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام ؟ (مەتا ٢٧: ٤٦) . وە بە سەربازەکان دەڵێت " تینوومە " (یۆحەنا ١٩: ٢٨) . ئینجا فەرموی "تەواوبوو" (یۆحەنا ١٩: ٣٠) وە قسەکانی کۆتایی ئەوەبوو کە فەرموی " باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم " (لۆقا 23: 46) .

مەبەستی عیسا لە وتەکەی "تەواوبوو" ئەوەیە کە کاری خۆبەختکاری تەواوبوو ، لە بیری عیسای مەسیح دا مردن وناشتنی عیسا شتێک بوو دەبێت ڕووبدات بە تەواوەتی چونکە ئەو بە شێوەی لەبارەیەوە دەدوا وەك بڵێی بە وردی هەموو شتێك تەواو بوەو ڕویداوە ، کەس ناتوانێ لەسەر زەوی شتێك زیاد بکات بۆ سەر کارە ڕزگاریەکەی عیسای مەسیح کە تەواوی کردوە ! کاتێ مرۆڤ ڕزگاری دەبێت تەنها بە کاری عیسای مەسیح ڕزگاری دەبێت ئەوەی تەواوی کرد لەسەر خاچ نەك بە کارێک یان کردنی شتێکی تر لەلایەن مرۆڤەکەوە ! هیچ مرۆڤێکی دیندار لە جیهاندا ناتوانێ بە دینداری و کارەکانی ڕزگاری بێت (ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩) . وە هیچ کەسێکی دیندار بە نوێژکردن ڕزگاری نابێت یان بە

ڕۆژووگرتن یان بە پارە بەخشین و کاروباری ئایینی یان سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و حەج کردن . گەڵاتیە ٢: ١٦ هەروەها یۆحەنا ١٠: ١٧- ١٨ بخوێنەوە .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٩: ١- ٤٢ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

یۆحەنا ١٩: ١- 3

<u>پرسیاری ١ : چۆن عیسای مەسیح ئەشکەنجە درا ؟</u>

تێبینیەکان .

أ. قامچی لێدانی عیسا .

پیلاتۆس فەرمانی کرد بە قامچی لە عیسا بدەرێت . ئەوەش لە پێناوی ئەوەدا بوو کە سزای مردنی نەداو بەڵکو ببێتە جێگرەوەیەك لە بری سزای لەخاچدانی ، پیلاتۆس بەو هیوایە بوو کە ڕزگاری بکات لە مردن ، بۆیە هەوڵی دەدا تەنها بە قامچی لێدان کۆتایی بە کێشەکە بهێنێت ، قامچی لێدان شێوازێکی زۆر ترسناك وبە ئازار بوو ، قامچی ڕۆمەکان پێکهاتبوو لە دارو بە چەرمی پێوە ئاڵابوو هەروەها پارچەیەك ئاسنی تیژی پێوە بوو لەگەڵ ئێسك ئەمەش زۆر ئازاری دەگەیاند بە جەستە و دەمارەکان بە تایبەتی کاتێ بەر پشت دەکەوت زۆرجار ئەم ئەشکەنجەیە کەسەکەی دەکوشت ، زۆرجار قامچی لێدان نیشانەیەك بوو بۆ ئەوەی ئەو کەسەی ئەشکەنجە دەدرێت وەك پێشەکیەك وایە بۆ لەخاچدانی ، لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا هاوڵاتیانی ڕۆم ئەو سزای قامچی لێدان ولەخاچدانەیان بەسەردا پەیڕەو نەدەکرا وەك یاسایەکی ڕۆمەکان بۆ هاوڵاتیەکانی .

ب. سوکایەتی وگاڵتەجاڕی بە عیسا کرا.

سەربازەکان حەزیان دەکرد لە کۆشکی فەرمانڕەواییدا ئەشکەنجەی عیسا بدەن ، تاجێکیان لە دڕك چنی و خستیانە سەر سەری و کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد (جلوبەرگێکی سەربازی بوو) دایان بەسەر شانیدا و دارێکیان دایە دەستی بۆئەوەی وەکو پاشا دەربکەوێت ، ئینجا بەشێوەی ڕۆیشتنی سەربازی پێش خۆیان دەداو سوکایەتیان پێدەکرد و زلّەیان لێدەدا .

یۆحەنا ١٩: ١٠- ١١

پرسیاری ٢: چۆن هەڕەشە لە عیسا کرا ؟

تێبینیەکان .

پیلاتۆس زۆر تورە بوو لەوەی عیسا ڕەتی کردەوە هیچ وەڵامێکی بداتەوە سەبارەت بەوەی ئەو کێ یە ، بۆیە هەڕەشەی لێکردو ووتی ئایا نازانیت

دەسەڵاتم هەیە کە ئازادت بکەم یان لە خاچت بدەم ، عیسا وەڵامی دایەوە: هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، ئەگەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت. لەبەر ئەوە ، ئەوەی منی داوەتە دەست تۆ گوناهەکەی گەورەترە " عیسا دەیزانی هەرچەندە سەرکردە سیاسی و سەربازیەکان دەسەڵات و پێگەیان هەیە بەڵام خودا دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئەواندا وە ئەو دەسەڵات و پێگەیەش کە هەیانە خودا داویەتی پێیان و بەپرسیارێتیان لە ئەستۆدایەو دواجار لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات لەوەی چۆن ئەو دەسەڵاتەیان بەکار هێناوە لەسەر زەوی ، (ڕۆما ١٣: ١- ٧) .

خەڵکی دەپرسن کێ خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە لە جیهاندا ؟ کتێبی پیرۆز هەمیشە جێگیرە لەمبارەیەوە : "هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ " مەتا ٢٨: ١٨ . هەروەها بڕوانە بینین ٣: ٧- ٨ وە زەبور ٢: ١٠- ١٢ .

یۆحەنا ١٩: ١٤- ٢٢

پرسیاری ٣: چۆن بە ئاشکرا سوکایەتی کرا بە عیسای مەسیح ؟

تێبینیەکان .

" ڕۆژی ئامادەکاری جەژنی پەسخە بوو، نزیکەی کاتژمێر دوازدە بوو، بە جولەکەکانی گوت: ئەوەتا پاشاکەتان. ئەوانیش هاواریان کرد: ببە! ببە! لە خاچی بدە! پیلاتۆس لێی پرسین: «پاشاکەتان لە خاچ بدەم؟ کاهینانی باڵا وەڵامیان دایەوە :جگە لە قەیسەر پاشامان نییە. "

یۆحەنا ١٩: ١٤ ؛ ١٩: ١٥ ؛ ١٩: ١٩ ؛ مەتا ٢٧: ٣٧ .

بینین ١: ٥؛ ١٧: ١٤ ؛ ١٩: ١٦ ؛ ئەفەسۆس ١: ١٩- ٢٢ .

یۆحەنا ١٩: ١٧- ١٨

پرسیاری ٤: چۆن عیسای مەسیح لەخاچدرا ؟

تێبینیەکان .

لۆقا ٢٣ .

أ. شێوەی خاچ .

زۆر نوسراوە لە بارەی خاچەوە هەندێك پێیان وایە شێوەی پیتی ئێکسی ئینگلیزی بووە ، هەندێکی تر دەڵێن وەکو پیتی (تی) ئینگلیزی بووە ، بەڵام لە هەمویان بڵاو تر ئەوەیە شێوەی "خەنجەری ڕۆمەکان بووە" تەختە دارێکی ستوونی درێژ تر لە ئاسۆییەکەی ، چونکە ئەو لیستەی تۆمەتەکانی عیسای لەسەر نوسرابوو لەسەرووی سەری عیساوە هەڵواسرابوو (لۆقا ٢٣: ٣٨) .

ب . مردنی لەخاچدان .

مردنی لەخاچدان شێوازێکی زۆر توند و بەئازارو ئەشکەنجە بوو بۆ کوشتن . ئەم شێوازەی کوشتن لەلای نەتەوەکانی کۆن جێبەجێ دەکرا ، بەڵام ڕۆمەکان هێشتیانەوەو بەکاریان دەهێنا لەبەرامبەر کۆیلەو تاوانباران ، خاچ لە زەوی ڕۆدەکرا و سەربازە ڕۆمەکان بە بزماری گەورە دەست و پێی کەسەکەیان بە خاچەکەوە دادەکوتا و دواتر خاچەکەیان بەرز دەکردەوە بە شێوەیەك پێیەکانی لەخاچدراو زۆر دوور نەبوو لە زەوی ، لەخاچدان زۆر بە ئازار بوو ، زۆر بە سەختی هەموو جەستە توشی هەوکردن دەبوو ، برینەکان دەکرانەوەو جومگەکانی لەش ئازارێکی سەختیان هەبوو ئازاری دەگەیاند بە دڵ و زۆر تینوویان دەبوو ، ئازارەکانی لە ڕادەبەدەر بوو .

ج. واتای خاچ .

دواوتار ٢١: ٢٣ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٣- ١٤ .

د. شوێنی خاچ .

لێڤیەکان ١٦: ٢٧ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ١٢- ١٣ .

هـ . لەخاچدانی تاوانباران .

عیسا لە نێوان تاوانبارانداا لە خاچدرا بە تێڕوانینی جیهانی سوکایەتیەك بوو بۆ جولەکەکان بەوەی پاشاکەیان تاوانبارە . لەگەڵ ئەمەشدا ، بەلای خوداوە ڕێزێکی گەورەبوو چونکە عیسای مەسیح هات بۆ ئەم جیهانە " بەدوای لەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات " لۆقا ١٩: ١٠ .

یۆحەنا ١٩: ٣٨- ٤٣

پرسیاری ٥: چۆن عیسای مەسیح نێژرا ؟

تێبینیەکان .

مەتا ٢٧: ٥٧ ؛ لۆقا ٢٣: ٥١ ؛ مەرقۆس ١٥: ٤٣ ؛ یۆحەنا ٧: ٥٢ .

یۆحەنا ١٩: ٢٤، ٣٦- ٣٧

پرسیاری ٦: بۆچی کتێبی پیرۆز ئاماژە دەکات بۆ زۆرێك لە پێشبینیەکان کە هاتوونە دی ؟

تێبینیەکان .

هاتنەدی پێشبینیەکان یەکێك لە مەزنترین بەڵگەیە کە عیسای مەسیح کوڕی خودایە بەڕاستی . یەکێك لە زانایان ٣٣٢ پێشبینی پەیمانی کۆنی ژماردوە کە لە عیسای مەسیح دا هاتوونەتە دی ، بڕوانە پێشبینیەکانی تایبەت بە عیسای مەسیح لە ڕێبەری ڕینماییەکانی سێ یەم ، پاشکۆی ٤ ، تەنها خودای کتێبی پیرۆز تواناداڕە لە پێشبینی کردنی ئەم جۆرە پێشبینیانەو هاتنە دی بە وردەکاریەوە ! هیچ کتێبێکی ئایینی تر وەکو ئەم پێشبینیانەو هاتنەدی پێشکەش نەکردوە بە وردەکاریەوە !

هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٩.

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا ١٩ .

١٩: ١- ٣ : لە ١ پەترۆس ٢: ٢١ دەخوێنینەوە : " بۆ ئەمە بانگکراون، لەبەر ئەوەی مەسیحیش لە پێناوتاندا ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن ." عیسا دەستگیر کراو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا لەگەڵ ئەوەی کە بێتاوان بوو بەتەواوەتی ! وە بەرقامچی دراو ئەشکەنجەدرا و تاجی دڕکاویان خستەسەری و بەر زلّەیان دا و دواتر لەخاچیان دا ، ڕەنگە هاوشێوەی ئەم مامەڵەیەت لەگەڵدا بکرێ لەلایەن ئەوانە دەتچەوسێننەوە .

١٩: ٩ : ئیشایا ٥٣: ٧ بە خراپی مامەڵە لەگەڵ عیسا کراو سوکایەتی پێکرا لەگەڵ ئەوەشدا دەمی نەکردەوە ، هەندێ بارودۆخ هەیە داخستنی دەم تیایدا داناییە .

١٩: ١١ : چەند چەوسانەوەو ئازار هەبێت باوەڕێکی تەواوت هەبێت ومتمانەت هەبێت کە دوژمنەکانت هیچ دەسەڵاتێکیان نیە بەسەرتدا ئەگەر خودا ڕێگەی نەدابن .

١٩: ١٢ : كاتێ خەڵكی هەڕەشەت لێدەكەن خۆت مەدە بەدەستەوەو چۆك دامەدە ، خۆت مەدە بەدەستەوە لەبەرامبەر فشاری گەندەڵ وخراپەكاران.

١٩: ١٥ : چاوەڕوانی ئەوە مەبە خراپەكاران شتێكی باش هەڵبژێرن بەڵكو ئەوە هەڵدەبژێرن كە زۆر خراپترە .

١٩: ٢٥- ٢٧ : ئامادەكاری بكە لەپێناوی دایكو باوكی بەساڵاچووت . كەسێك ڕاسپێرە بایەخیان پێبدات .

١٩: ٣٠ : سور بە لەسەر ئەوەی كارەكەت تەواو بكەیت و بەئەنجام بگەیەنی وەكو عیسا (یۆحەنا ٤: ٣٤؛ ١٧: ٤؛ كۆلۆسی ٤: ١٧) .

١٩: ٣٠ : كاتێ دەمری ڕۆحت بسپێرە بە خودای باوك (لۆقا ٢٣: ٤٦) .

١٩: ٣٦- ٣٧ : لێكۆڵینەوەی هەموو پێشبینیەكانی پەیمانی كۆن بكە لەبارەی عیسای مەسیحەوە .

١٩: ٣٨- ٣٩ : ئەگەر قوتابیەكی نهێنی عیسای مەسیحی ، داوای لێبكە ئازایەتی و جوامێریت بداتێ وەكو یوسفی خەڵكی ڕامەو نیقۆدیمۆس ، بۆئەوەی بگۆڕێی لە قوتابی نهێنیەوە بۆ قوتابی ئاشكرا .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوكردنی كەسێتی :

أ. ناتوانم بزانم ڕێژەی ئازار عیسای مەسیح چەند بوە لە پێناومدا ، دەمەوێ لە ناخمەوە سوپاسی عیسا بكەم لە پێناوی كەفارەتی گوناهەكانم لەخاچدرا ، وە دەمەوێ سوپاسی بكەم كە ئاشتی كردمەوە لەگەڵ خودا و ڕزگاری كردم و ژیانی هەتاهەتایی پێبەخشیم !

ب. زۆر سەرسامم بەو شێوازەی عیسا هەڵسوكەوتی پێكرد لەكاتی ئەو هەموو ئازارە سەختەیدا ، چونكە كاتێ لێكۆڵینەوەی لەگەڵ كرا زۆر بەهێمنی وەڵامی دانەوە هەندێ جاریش بێدەنگ دەبوو وە كاتێ جوێنیان پێدا وەكو ئەوان وەڵامی نەدانەوە . وە كاتێ ئازاری چەشت هیچ هەڕەشەیەكی نەكرد (١پەترۆس ٢: ٢٣) . نەگریا ، بەڵكو وەك بەرخێك ببرێ بۆ سەربڕین هەڵسوكەوتی كرد (ئیشایا ٥٣: ٧) . هیچ مرۆڤێك

نەیدەتوانی وەکو عیسای مەسیح بکات ! نوێژ دەکەم خودا نیعمەتی زیاترم پێبدات تاکو لە نمونەکان و ئازارەکانی عیسا تێبگەم .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١٩ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .

نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**